www.kurdistannet.org
11-11-2005 16:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شۆڕشی چەوساوەکان. . . ! حەسەن سەید باقی

ئەمڕۆ دنیای سەرمایەداری لەهەموو کاتێك زیاتر لەگەلڕ قەیران و هەڵئاوسانی باری ئابووری ڕووبەڕوو بووەتەوە. هەر لە ئەمریکاوە بیگرە تا ئەوروپا سیاسەتوانەکانی سەرمایەداری بەدوای ڕێگە چارەی ئەم نەخۆشیەوەن، زۆر جار لە هەوڵی ئەوەدان کە ڕاگوێزیکەن چ جای بەشێوازی جەنگ بێت یا شێوازی تر. هەروەك ئەوەی دیمان دوای یانزەی سێپتەمبەر، بە لێدانی ئەفغانستان بەناوی تیرۆرو دەستبەسەراگرتنی بۆریە نەوتەکانی کۆتای هات. پاشتر دیکتاتۆرەکەی ئێراقی ئەم هەلەی دایە دەستیان و ئەم وولاتەشی گرتەوە. بەلاّم گەلی عێراق و کوردستان تووشی دارمان بوون و ڕووبەڕووی بلاّوبوونەوەو پتر بوونی تیرۆر بوونەوە، هەنووکەش بە گفتی درۆ کاتەکان بەسەر دەبەن. کێشەکە کەوتۆتەسەر سووریا بە بوونی یا نەبوونی دەست لە تیرۆرکردنی حەریری، و دواتر ئێرانیش مەسەلەی بەرنامە ئەتۆمییەکانی. ئەمانە هەمووی شانۆیەکی ئامادەکراو پیلان و نەخشەیەکی پێشتر کێشراون. لەگەلڕ ئەمانەدا ئەوروپا قەیرانەکەی توندتر و باری ئابوری ئالۆزتر دەبێت، و ڕۆژانە ڕێژەی بێکاری ڕوولەزیادیە، وە لەم نێوەندەشدا بیری نازی ڕوو لەگەشەیە، هەروەك ئەو سیاسەتە چەوتەی فەرەنسا بەرامبەر پەناهەندەو ئەوانەی بەرەچەڵەك فەرەنساوی نین، بەرئەنجامەکەی ئەو شۆڕشە نوێیەیە کە خەریکە سەراپای فەرەنسا دەگرێتەوە، گرەوی ئەوەش هەیە ئەڵمانیاو شوێنەکانی تر بگرێتەوە. بەلاّم لەگەلڕ ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخی شتومەك لەزیادیە، بێکاری پترتر دەبێت، و یاساکانی ئەڵمانیاش گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە دیوەو ڕێژەی باج لەسەر هەژارەکانی ڕوو لەهەڵکشانە. بەلاّم کەمێك زووە بۆ تەقینەوە، پێم وایە لەچەند ساڵی داهاتوو گۆڕانکاریەکان بەرچاو دەبن شۆڕی چەوساوەکان گڕوکڵپەدەسێنإ، ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ مێژو شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسی زۆر بەئەمەکانە بەرەو پێش چوو. بەلاّم بۆرژوای ئەڵمانیا دەستی تێکەلڕ کرد لەگەلڕ پاشماوەی دەرەبەگایەتی، سەرەنجام بەرەو دیکتاتۆری و فاشی هەنگاوی نا، هەروەك ئەوەی کە دیمان لە ڕایخی سێەوە بۆ جەنگی جیهانی و کاولکاری. هەربۆیە ئەمرۆ فەرەنسار ڕۆمانسی گڕو کڵپەی لێ هەڵدەستێت و چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت شوێنەکانی تر بگرێتەوە. ئەو فەرەنسایەی لەساڵی 1955 تا هەنووکە باری نائاسایی بەخۆوە نەدیووەو ڕانەگەینەنراوە، هەروەك لەم ڕۆژانەدا دیمان، بە سەدان و هەزاران ئۆتۆمبیل سووتان، ئەمەش وەك سەرەتای شۆڕشێکی نوإ کە کرێکارەکان سۆزاویانە پێی هەڵدەستن، کارگەکان دەسوتێنن، وادەزانن کە ئەو کارگەیە دەیان چەوسێنێتەوە، پاشتر دەبێتە بڵێسەی ڕاستی ڕاپەڕین و خاوە کار ڕادەماڵن هەروەك کۆمۆنەی پاریس. بەلاّم بەشێوازێکی تر. ئەو مرۆڤانەی کە لە فەرەنسا لەدایك بوون کاریان دەوێت، هەروەك لەدیدارێکدا (کارم دەوێت، ئێمە فەرەنسین، ئێمە لێرە لەدایك بووین) ، تا ئەو ڕادەی کە بیانیەکان بەهەستێکی بریندارو هۆشێکی مرۆڤدۆستانە، دەبێژن (سووتانی ئۆتۆمبیل ڕێگە چارە نییە، بەڵکو دەبێت گفتوگۆ بکرێت) . بەلاّم کإ گوێ لەم هەژارانە دەگرێت، کإ گفتوگۆیان لەگەلڕ دەکات، ئەوان بەگێرەشێوێن ناوزەد دەکرێن، دەبێت ئەوانە هەژارتر بن، دەربەدەر بن ژیان بۆ چەوساوەکان نییە لە تێڕوانینی سەرمایەدارەکانەوە، بە تووندو تیژی وگرتن و لێدان دەیانەوێت کۆنترۆڵی بارەکە بکەن. ئەم هەنگاوە لە بەرلین و کۆڵۆنیا (کۆلن) و چەند جێگەیەکی ترسەرچاوەی کرت، لێرەو لەوإ

ئۆتۆبیلیان ئاگر تێبەرداوە، بەڵام هەروەك ووتم كاتی دەوێت با هەردوو حیزبی سۆسیال دیموكرات و دیموكرات مەسیح بەرنامەكانیان بەتەواوی ئاشكرا بكەن و بێتە ناساندن واتە كار پێكردنی. وە دەسكردن بەناردنەوەی بیانییەكان، كەمكردنەوەی مانگانەی بێكاران و بەرزبوونەوەی نرخی شمەك، گرتنەبەری ڕێوشوێنی تر ئەوكات كێشەكەكە قولترو مەسەلەكان ئاشكراتردەبن، هەناگاوێكە بۆ پێشەوە بەرەو شۆڕشی چەوساوەكان.
شۆڕش جەژنی چەوساوەكانە و سەركەوتن هەربۆئەوانە.

ئەڵمانیا نۆڤەمبەری2005